٤- دوای تەواو بوونی گازندەکان لەلایەن تۆماری گشی زانکۆ تا (٢٠١٦/٩/٢٨) کاندیدەکانی کۆتایی بۆ وەزارەت دەنێردرێت بۆ ووردبینی کردن و پەسندکردنی و دەرکردنی فەرمانی وەرگرتنی کۆتایی.

٥- ئەو قوتابی / خویندکارەی وەرگیرا بەم سیستەمە مافی پێشکەش کردنی لە رێگەی (**زانکۆ لاین**) نامینێت.

**پێنجەم /گواستنەوە و دابەزین:**

١- دابەزین بۆ ئەو بەشانە بە پێی رینمایيەکانی دابەزین دەبێت بەمەرجێک بەشی ناوخۆیی بۆ دابین ناکرێت وە دەبێت لە تاقیکردنەوە دەربچێت یا دەرچووبێت.

٢- دابەزین لەم بەشانە تەنها بۆ بەشی هاوشێوە لە زانکۆکانی تر دەبێت، یا بەپێ ی کۆنمرەی لە ساڵی دەرچوونیدا.

٣- قوتابی/خویندکار دەتوانی زیاتر لە بژاردەیەکی هەبێت بۆ هەمان ئەو بەشەی کە تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدات لە زانکۆیەکی تری هەرێم ئەگەر لەدەرەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی بێ بەشی ناوخۆی بۆ دابین ناکرێت.

٤- دابەزین لە بەشەکانی (وەرگرتنی راستەوخۆیی زانکۆیی) بۆهەمان بەش لە زانکۆیەکی تر کە بەزانکۆلاین وەردەگیرێت رەچاوی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراوی زانکۆ لاین دەکرێت.

٥- دابەزین لەبەشەکانی (پەیمانگەکان) کە بەوەرگرتنی راستەوخۆیی زانکۆیی قوتابی وەردەگرن بۆ هەمان بەشی پەیمانگا کە بە زانکۆلاین وەردەگیرێت رەچاوی سنووری جوگرافی دەکرێت.

٦- ئەم رێنماییە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧، ەوە کاری پێدەکرێت.

هاوپێچ // لیستی بەشە زانستیەکانی وەرگرتنی ڕاستەوخۆی زانکۆیی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان.

**د.یوسف گۆران**

**وەزیری خوێندی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

<u>وێنەیەک بۆ:</u>

- ووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر /لەگەڵ ڕیزد.
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە/بۆ زانین /لەگەل ریزدا-
- فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی/لەگەڵ ڕێزدا
- گشت زانکۆکان/ بۆ کاری پێویت/لەگەڵ ڕێزدا
- فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەداداچوون/ لەگەڵ ریزدا
- ناوەندی وەرگرتن
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/لەگەڵ بەراییەکان
- دەرکردە.